# چاوپێکه وتنێک له گه ڵ هونه رمه ند یوسف مه نتک*

**سازدانی : ئەردەلان عەبدوڵا**

به باشمانزانی ئه م چاوپێکه وتنه  له گه ل هونه رمه ندی شانۆکار به رێز یوسف مه نتك سازبکه ین، به رێز یوسف مه نتك وه کو که سێکی هونه رمه ند هه وڵی داوه بتوانێت له رێگای هو نه ره وه به شداری بکات له بزوتنه وه کرێکاری و چه په کانی کوردستان  بکات.
جگه له وه ی ئه ندامێکی چالاکی کۆ مه له ی شه به نگی / نینا بووه له هه ولێر ،هه روه ها به شداری له زۆر مه راسیم وچالاکییه کان کردووه.
یوسف ئه حمه د  سالی 1966 له هه ولێر له دایك بووه
ئاماده یی بازرگانی سالی 1987 له هه ولێر ته واوکردوه و ،ماوه ی چه ند سالێکه له ئه لمان ده ژی .

گ. له که یه وه  ده ستت به کاری هو نه ری کردووه ؟
سه ره تای ده ست پێکردنم به کاری هونه ری ده گه رێته وه بۆ ساڵه کانی 1983 /1984 ئه وکاته ی که له شانۆی قوتابخانه که مان به شداریم کرد ، که ده توانم بلێم یه که مین ده رگای چونه ناوه وه ی جیهانی هونه ر یم بوو ، ئه و به رهه ما نه که له سه ره تادابه شداریم تێدا کردوون ده تووانم بڵێم ئه مانه بوون  .
(کالێ ، موشاغه به ، شه رتاشخانه ی ره شۆ ) که ئه ما نه  سه ره تا یه ك بوون بۆ ئاشنا بوونم به جیها نی شانۆ .

گ . ناوه رۆ کی  کاره  هونه ریه کان زیاتر له سه ر  چی بوو ؟
زیاتر ناوه رۆ کی کاره هونه ریه کان له سه ر کێشه کانی ناوکۆمه ڵگاکه مان بوون ، که به داخه وه هه تاوه کوو ئه مرۆش کۆ مه له که مان ده نالێنێت به ده ستیانه وه ،وه کوو ( چه وسانه وه ی ژن و خۆفرۆشی و دزی و ناپاکی و تێنه گه یشتن له مانای خۆ شه ویستی بۆ یه کتری و بۆ ژیان )

گ ، ئه و به رهه مه هونه ریانه  چی بوون که له کاتی پێش راپه رین  به شداریت تێدا کردوون ؟
ئه و به رهه مانه ی که له پێش راپه رین به شداریم تیادا کردوون ، بریتی بوو له ( ئه فسانه ی چیای ئا گرین ، ئیمپراتۆریه تی جۆنس ،ده نکه شقارته ،شانۆ گه ری چاو )

گ . ئه و چالاکیانه چی بوون که له کاتی راپه رینه که دا ئه نجامت داوون ؟
دیا ره به ماوه یه ك پێش راپه رین من و چه ند هاورێیه کی تر هه ولمان دا که ده سته یه ك دروست بکه ین، بۆ هاندانی خالکی دژ به رژێم و ده زگا داپلۆسێنه ره کانی و هه ولدان بۆ هێرش بردنه سه ر ئه و ده زگایانه و له ناو بردنیان . هه ولدان بۆ رێکخستنی خه لکی بۆ را په رین و خۆ پیشان دان و رزگار بوون له و رژێمه دیکتاتۆرو درنده یه ی به عسیه داگیرکه ره کان  .

گ . هه لوێستت به رامبه ر شوراکان چۆن بوو ، وه ئایا به شداریت تیادا کرد ،وه چۆن سه یری ئه و ئه زموونه ده که یت ؟
شوراکان ده توانم بلێم تاقیکردنه وه یه کی نوێ بوو بۆ خه لکی لای خۆمان ،به لام تا

راده یه كی باش توانی خه لكی چ له رووی فیكریه وه ،چ له رووی بزووتنه وه یه وه هۆشیار بكاته وه ، به لێ من خۆشم له شوراكان به شداریم كردوو ، هه روه ها به شداریش بووم له دانانی كۆمیته ی شۆرشگێره كان وسازدانی چه ندین خۆپیشاندان له شاری هه ولێر .

گ .ئایا له كاتی راپه رینه كه دا هیچ چالاكیه كی هونه ریت ئه نجام داوه ؟
له كاتی راپه رینه كه زیاتر خه ریكی كاری سیاسی بوم و وه ك هه لسوراوێك له شوراكان كارم ده كرد ، هیچ چالاكیه كی هونه ریم ئه نجام نه داوه ،له وكاتانه هه موومان به چالاكی سیاسیه وه خه ریك بووین .

گ . ئه و چالاكی یه هونه ری و سیاسیا نه چی بوون كه له دوای راپه رینه كه ئه نجامت داون ؟

ده توانم بلێم كه كاری هونه ری و سیاسیم تێكه لبوون ،چونكه ئێمه رۆلێكی گه وره مان ده بینی له سازدان و هه لسوراندنی یادوو مه راسیمه كرێكاریه كان ،بۆ نموونه یادی (لینین ،یه كی ئایار ، 8 مارس ..) ،وه له دوای راپه رین به شداری چه ند كارێكی هونه ری باشم كرد له وانه (به ختیارترین پیاو ، مه رگی سه روه ری ، محازه ره یه ك له پێناوی ئاشتی دا ) ، وه ده ركردنی فلیمێكی ته له فزیۆنی بۆ منالان كه له نووسینی نووسه ری به ناوبانگی ئیتالی ( ئه لبێرتۆ مۆرافیا ) بوو ، كه تاراده یه كی باش سه رنجی جه ماوه ری راكێشابوو .
به لام باشترین كار كه به شداریم تیادا كردبێت له دوای راپه رین ئه وه بوو ،كه له گه ل كۆمه لێك ئه دیب و هونه رمه ندی شاری هه ولێر كۆ مه له ی (شه به نگ _ نینا ) مان دروست كرد.
كه پێكهاتبوو له م به رێزانه ( به نده ر ، ناله حه سه ن ، وه فیق زامدار ،جه مال كۆشش ،كه ریم حسێن ،هه لمه ت تاهیر ) ، هه ره وه ها له چه ندین كاری سیاسیش به شداریمان كرد وه كوو خۆ پیشاندان له دژی تیرۆرو ی سیاسی و سازدانی خۆپیشاندانێك دژی تیرۆر كردنی ( ره ئوف كامیل ) له بادینان كه سكرتێری كۆ مه له ی تێكۆشانی ره نجده ران بوو ،هه روه ها له دژی تیرۆر كردنی( نه زیر عه بدولا) كه ئه ندامی پارتی كۆمۆنیستی كرێكاری بوو له بادینان .
هه روها به شداریمان كرد له كۆ میته ی دژی شه ری ناوخۆ و سازدانی خۆپیشاندان له دژی شه ر.

گ ، هه لوێست و چالاكیه كانت له كاتی شه ری ناوخۆ و ده سه لاتدارانی یه كێتی و پارتی چۆن بوون ؟
شتێكی زۆر بۆگه ن بوو ، وه كارێكی زۆر خراپی هه بوو له سه ر ژیانی هه موو ئه ندامێكی ناو كۆ مه لگای ئێمه ،ج له رووی بێكاری و كوشتن ومالوێرانی و كۆچكردن و تیرۆر وزۆر دیارده ی خراپی تریشی هێنا بۆ مان ، ده توانم بلێم ئه مه شه ری ده سه لات و داهات بوو له نێوان ئه و دوو لایه نه و هه ولدان بۆ زالبوون به سه ر یه كتری دا به هه ر شێوازێك بووه ، هه تا ئه و راده بۆگه نه ی كه له شكری داگیركه ره كانیشیان بۆ یه كتری هێناو كه بوونه چاشی داگیركه رانی كورد ، وه كوو له سه ره وه ش باسم كرد به شداری خۆپیشاندانه كانم كرد له دژی شه ر و پێكهێنانی كۆ میته یه كیش له دژی شه ری ناوخۆ به شداریم كردووه ،هه روه هاچه ندین چالاكیه كی تریش .

گ ، ئه ده ب و هو نه ری كرێكاری ده بێت چۆن بێت ،وه ئایا تا چ راده یه ك ئه ده ب و

هونه ری کرێکاری  کوردی توانیویه تی ته عبیر له ژیانی خه لکی کرێکارو زه حمه تکێشی کورد بکات ؟
ئه ده ب و هونه ری کرێکاری ده بێت هه لقولاوی واقیعی ژیانی کرێکاران بێت و ته عبیر له ئێش و ئازارو ئه شکه نجه کانیان بکات ،وه چۆنیه تی ژیان و کاریان بۆ جه ماوه ر بخاته روو ،
وه ده بێت هونه ر مه ند زیاتر نزیك و ئاشنابێت به ژیانی  کرێکاران وزه حمه تکێشان تابتوانێت باشتر ته عبیر له ژیانیان بکات ،من پێم وانیه که هونه رمه ند ده بێت هه لگری رێبازێك یان ئایدۆلۆجیایه ك بێت تا بتوانێت ته عبیر له ژیانی کرێکاران بکات .
ده توانم بلێم تاراده یه کی باش لای خۆشمان ئه ده ب وهونه ری کرێکاری تاراده یه ك توانیویه تی  ته عبیر له ژیانی چینی کرێکاران و هه ژاران بکات .

گ ، خاڵی لاوازی بزوتنه وه ی هونه ری به گشتی و کرێکاری به تایبه تی  له کوێوه  ده بینیت ؟
ده توانم  بلێم خالی هه ره لاواز له پرش و بلاوی هونه رمه ندان و  نه بوونی مه لبه ندێك یان کۆمه له یه ك که بتوانێت هه موو هونه رمه نده چه په کان کۆبکاته وه که تا هه مومان پێکه  وه بتوانین  بزوتنه وه یه کی باش ئه نجام بده ین. هه روه ها کۆچکردنی به شێکی زۆری هونه رمه نده کان و هه لسوراوانی بزوتنه وه ی چه پ بۆده ره وه ی وولات ،رۆلێکی زۆر خراپی له سه ر لاوازی بزوتنه وه که بینی.
گ ، ئایا له ئه لمانیا هیچ کارێکی هونه ری یان کولتووری  ئه نجام داوه ؟
به داخه وه لێره زیاتر خه ریکی کاری رۆژانه م و جار جار ووتار و شیعر بۆ بلاوکراوه کوردیه کان ده نێرم . هه روه ها له ساڵی 2003 ، له گه ڵ کۆمه ڵێك براده ری تر ،(ناوه ندی زانین و رۆشنبیری کوردی) مان ، له شاری مانهایم دامه زراند و کۆمه لێك چالاکی هه مه جۆرمان کرد .  به ڵام ئیستا وازم له و ناوه نده ش هێناوه و زیاتر خه ریکی نووسینم.
گ ، هه لوێستت چییه به رامبه ر شه ری عێراق و گۆرانکاریه کانی ئه م دوایه چۆن ده بینیت  ؟
به گشتی من دژی هه موو شه رێکم ، چونکه شه ر کاولکردن و کوشتن و کۆچکردن بۆ به شه ریه ت ده هێنێت ، وه زیاتر خه لکی هه ژارو بیٚ ده سه لات له ناو ده چێت و ژیانیان خراپتر ده کات
وه من پێم وایه ئه مه ریکا له به ر به رژه وه ندیه کانی خۆی ئه م شه ره ده کات نه ك له به ر چاوی خه لکی عێراق و ئه وان بوون تاماوه یه کی زۆر یارمه تی سه دامیان ده دا بۆ سه ر کوتکردنی خه لکی عێراق وشه رکردن دژی دراوسێکانی  ، وه ئه وان بۆ به رژه وه ندی خۆیان هاتوونه ناوچه که  .

* ئه م چاوپێکه وتنه  پێش دوو ساڵ بۆ  گۆڤاری گاورباغی ئاماده کرابوو .